خوای گەورە ڕەحمەتی کردووە بە سەد بەشەوە، لای خۆی نەوەد ونۆ بەشی گرتۆتەوە، ولە سەر زەوی یەک دانەی دابەزاندووە، وتەنها بە هۆی ئەم بەشەوە بوونەوەرەکان ڕەحم وبەزەییان بەرامبەر بە یەکتر هەیە، هەتا ئاژەڵێک پێیەکانی لا دەبات لە سەر بێچووەکەی لە ترسی ئەوەی کە ئازاری بدات

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بوو کە دەیفەرموو: «خوای گەورە ڕەحمەتی کردووە بە سەد بەشەوە، لای خۆی نەوەد ونۆ بەشی گرتۆتەوە، ولە سەر زەوی یەک دانەی دابەزاندووە، وتەنها بە هۆی ئەم بەشەوە بوونەوەرەکان ڕەحم وبەزەییان بەرامبەر بە یەکتر هەیە، هەتا ئاژەڵێک پێیەکانی لا دەبات لە سەر بێچووەکەی لە ترسی ئەوەی کە ئازاری بدات». ولە ڕیوایەتێکدا: «خودای گەورە سەد ڕەحمەتی هەیە، یەک دانەیانی دابەزاند بۆ نێو جنۆکەکان ومرۆڤەکان وئاژەڵەکان ومێرووەکان، وبە هۆی ئەم تاکە ڕەحمەتەوەیە سۆز وڕەحمەتیان هەیە بەرامبەر بە یەکتر، وبە هۆی ئەم تاکە ڕەحمەتەوە ئاژەڵە دڕندەکان ڕەحمەت وسۆزیان هەیە بەرامبەر بە بێچووەکانیان، وخودای گەورە نەوەد ونۆ ڕەحمەتی داناوە کە بە هۆیانەوە ڕەحمی وبەزەیی دێتەوە بەرامبەر بە بەندەکانی لە ڕۆژی قیامەتدا». ولە سەلمانی فارسیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە سەد ڕەحمەتی هەیە، بە هۆی یەک ڕەحمەت لەوانەوە؛ بوونەوەرەکان ڕەحمەت وسۆز وبەزەییان هەیە بەرامبەر یەکتر، ونەوەد ونۆ ڕەحمەتی داناوە بۆ ڕۆژی قیامەت». ولە ریوایەتێکدا: «خوای گەورە ئەو ڕۆژەی کە ئاسمانەکان وزەوی دروستکرد؛ سەد ڕەحمەتی دروستکرد، هەر ڕەحمەتێک بە گوێرەی نێوان ئاسمان وزەوییە، یەک ڕەحمەتی دابەزاندە سەر زەوی بە هۆی ئەو تاکە ڕەحمەتەوە دایک ڕەحم وبەزەیی هەیە بەرامبەر ڕۆڵەکەی، وئاژەڵە دڕندەکان وباڵندەکان ڕەحم وبەزەییان هەیە بەرامبەر بە یەکتر، ئەگەر ڕۆژی قیامەت بەرپا بێت ئەوا خوای گەورە هەموو ڕەحمەتەکان تەواو وکامڵ دەکات لەگەڵ ئەم ڕەحمەتەی دونیاش (بۆ ئەوەی بە هۆیانەوە ڕەحم وبەزەیی بێتەوە بە بەندەکانی، وبەندەکانیش ڕەحمەت وبەزەییان بە یەکتر بێتەوە).»

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

خودای گەورە ڕەحمەتی کردووە بە سەد بەشەوە، یەک ڕەحمەتی دابەزاندووەتە سەر زەوی، ونەوەد ونۆی داناوە بۆ ڕۆژی قیامەت، بە هۆی ئەم یەک ڕەحمەتەوە هەموو بوونەرەکان بەزەیی وڕەحمیان هەیە بەرامبەر بە یەکتر لە مرۆڤەکان وجنۆکەکان وئاژەڵەکان ومێرووەکان، هەتا ئەو ئەسپانەی بە خێرایی ناسراون پێیان بەرز دەکەنەوە بۆ ئەوەی زیان بە بێچووەکانیان نەگەیەنن، وبە هۆی ئەم ڕەحمەتەوە ئاژەڵە دڕندەکان ڕەحمیان هەیە بەرامبەر بە بێچووەکانیان، وخوای گەورە نەوەد ونۆ ڕەحمەتی داناوە بۆ قیامەت بۆ ئەوەی ڕەحم بکات بە بەندەکانی لەو ڕۆژەدا.

فەرمـوودەی دووەم: خـوای گـەورەی بـەرز وپیـرۆز لـەو ڕۆژەی ئاسـمانەکان وزەوی دروسـتکرد سـەد ڕەحمەتـی دروستکرد، هەموو ڕەحمەتێک بە گوێرەی نێوان ئاسمان وزەویە، بۆ دونیا یەک ڕەحمەتی دابەزاند، بە هۆیەوە دایک ڕەحمی هەیە بەرامبەر منداڵەکەی، وئاژەڵەکان وباڵندەکان بەزەییان هەیە بەرامبەر بە یەکتر، پاشان لە ڕۆژی قیامەت خوای گەورە تەواوی دەکات بە نەوەد ونۆ ڕەحمەتەکە، بۆیە ئەگەر مرۆڤ هەموو ئەم نیعمە مەزنانەی خوای گەورەی بۆ هەبێت لەم دونیایە کە پڕە لە ناخۆشی وبەڵا وتاقیکردنەوە کە هەموو بە هۆی یەک ڕەحمەتەوەیە، ئایا دەبێت سەد ڕەحمەت چۆن بێت لە قیامەتدا کە شوێنی مانەوە وپاداشتە.


النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee